ResearchGate

See discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/344166978

# ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان لەشیعری ڕوانگەدا

**Conference Paper** · September 2020

CITATIONS
0

READS
457

**1 author:**



Osman Hamad Dashti
Koya University

**34** PUBLICATIONS **0** CITATIONS

SEE PROFILE

All content following this page was uploaded by Osman Hamad Dashti on 08 September 2020.

The user has requested enhancement of the downloaded file.

# ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان

# لەشیعری ڕوانگەدا

پ. د. عوسمان حەمەد خدر دەشتی
زانکۆی کۆیە/ فاکەڵتی پەروەردە
بەشی کوردی
Osman.hamad@koyauniversity.org

## پێشەکی

تیوری (ژانرە ئەدەبییەکان) هەم لە ڕووی زاراوەسازی و هەم لە ڕووی چەمک و پێناسە و تێگەیشتنەوە لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا بۆتە مەسەلەیەکی ئیشکال ئامێز، لەنێوان ئەوانەدا کەوا لایەنگیری لەهەبوونی سنوور لەنێوان ژانرەکاندا دەکەن و بەپێی تیوری (ئەفلاتون و ئەرستۆ) باوەڕیان بە پاکو بێگەردی ژانرەکان (نقاء الاجناس)ەوە هەیە، لەنێوان ئەوانەشدا کە باوەڕیان بە (یەک بنەڕەت)ی هەموو جۆرە ئەدەبییەکان هەیەو، ژانرەکان بە لقوپۆپی قەدی تاکە درەختێک (درەختی ئەدەب) تێدەگەن هاوشێوەی تیورەکەی (چارلس داروین). هەروەها لەنێوان پێڕەوکارانی تیورە تازەکانی ئەدەب، کەوا هەر جۆرە پۆلێبەندییەکی ئەدەب، بەگوێرەی بنەما تەقلیدییەکان لە دابڕانی نێوان ژانرەکان، ڕەتدەکەنەوە تا دەگاتە ڕادەی دژایەتی و نکوولی لێکردنیشی، وەک چۆن لە گوتەیەکی ناوداری (بندیتو کرۆتشی)دا. دەخوێندرێتەوە کە باوەڕی وابووە ((هەر دەقێک خۆی لەخۆیدا ژانرێکە)). (مکاریک، ١٣٩٠، ٣٧٤) بەم جۆرە ئەم خواست و نیازمەندی و بیروبۆچوونە ژانەرخوازی و دژە ژانەرییە بەدرێژایی چەرخی بیست، بەهۆی میتۆد و تیورە جۆراوجۆرەکانی ئەدەب و ڕەخنەدا خۆی نمایش کردووە تا بە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان گەیشتووە. ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کەوا هەم مەسەلەی ژانرە ئەدەبییەکان خۆیان و هەم مشتومڕەکان لە بارەیانەوە بەدرێژایی ڕۆژگار لە جوولە و ئالوگۆڕدابوون، لە کۆنەوە بۆ تازە و لە تیور و میتۆدێکی ئەدەبییەوە بۆ یەکێکی دیکە.

ئەم باسە هەوڵێکە بۆ تیشک خستنەسەر لایەنێک لەم مەسەلەی ژانرە ئەدەبییەکان و بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندی بە ئاوێتەبوون و تێکەڵاوی نێوان ژانرەکانەوە هەیە و لە دوایە هەوڵدان بۆ پراکتیزەکردنی ئەو بابەتە لەشیعری شاعیران بزووتنەوەی ڕوانگەدا. باسەکە لە دوو تەوەر و چەند بڕگە و بابەتێک پێکدێت بەم شێوەیە:

**- پێشەکی/**

**(١)**

**أ- لەبارەی ژانری ئەدەبییەوە:**

١- وشە و زاراوەی ژانری ئەدەبی.

٢- چەمک و پێناسەی ژانری ئەدەبی.

**ب- تیورە جیاوازەکان لە مەڕ ژانری ئەدەبی.**

**جـ- ئاوێتەبوونی ژانرەکان.**

**(٢)**

**ئاوێتەبونی ژانرە ئەدەبییەکان لەشیعری ڕوانگەدا:**

١- بنیاتی گێڕانەوە لەشیعری ڕوانگەدا.

٢- بنیاتی درامی لە شیعری ڕوانگەدا.

٣- بنیاتی گوتاری سیاسی.

٤- ئاوێتەبوونی شیعر و مێژوو.

٥- ئاوێتەبوونی هونەرەکان.

- **ئەنجامەکان:**
- **لیستی سەرچاوەکان.**
- **کورتەیەک بە زمانی عەرەبی.**
- **کورتەیەک بە زمانی ئینگلیزی.**

**(١)**

**أ- لەبارەی ژانری ئەدەبییەوە**

١. وشە و زاراوەی ژانری ئەدەبی:

لە ڕەخنەی ئەوروپیدا وشەی (Genre) لەبەرابەر وشەی (ڕەگەز) یاخود (الجنس)ی عەربیدا بەکار دەهێندرێت کە لە بنچینەدا لە وشەی (Genreri) یاخود (Genus)ی لاتینییەوە هاتووە. ڕای

واش هەیە پێی وایە کە وشە عەرەبییەکەش هەر لە وشە لاتینییەکەوە هاتبێت بە هەموو مەعنایەکەوە. ئەم زاراوەیە وەکو چەمک و تێگەیشتن لە زانستە سروشتییەکانەوە، بە دروستیش لە زانستی بایۆلۆژیکەوە وەرگیراوە و هاتۆتە نێو تیوری ئەدەبییەوە. لەزانستی بایۆلۆژیکدا هەموو بوونەوەرە زیندووەکان لە (الجنس – ڕەگەز - Genres)ەوە دابەش دەبن بۆ سەر (الانواع – جۆرەکان – Kiynds) و ئەمانیش بەدەوری خۆیان بۆ (الانماط – چەشنەکان - Types) (روابح، ۲۰۱۸، ٥). لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا (الجنس) گشتگیرترە لە (النوع) و ئەمیش دەبێت بە (انماط).

هەر چەندە تاوەکو ئێستاش لای ڕەخنەگرە عەرەبەکانیش جۆرێک لەئالۆزی و تێکەڵاوی لە بەکاربردنی هەردوو زاراوەی (الجنس) و (النوع) بۆ (ژانری ئەدەبی) لە بڕی یەکتریدا هەیە، هەندێکیان هی یەکەم و هەندێکیان ئەوەی دووەم بەکاردەهێنن(*). (برهم، ۲۰۱۱، ۱۰۳) لە فارسیدا هەموو واژە بیانییەکانی وەکو (Gener – Form – Kind – Type) واتە (الجنس، الشكل، النوع، النمط یان القسم) بەتاکە یەک زاراوەی (نوع ادبی) کە بەرابەر بە (ژانر)ە وەرگێڕدراوە و توێژەری ناوداری ئێرانی (د. سیروس شمیسا) کتێبێکی تایبەتی لەم بارەیەوە بەناونیشانی (انواع ادبی) نووسیوە.

(شەمیسا) هەموو ژانرە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکانی لەژێر چوار ناونیشانی سەرەکیدا پۆلبەند کردووە بەم جۆرە:

١- جۆرە بنەڕەتییە کۆنەکان (داستان، لیریک، دراماتیک).
٢- جۆرە تازەکان (نۆڤلێت، رۆمان، کورتە چیرۆک، حەکایەت).
٣- جۆرەکانی شیعر بەپێی واتا و مەبەست و ناوەرۆکەوە، (۱۳) جۆری دەستنیشانکردووە.
٤- قالبە شیعرییەکان، کە ئەمەش کراوە بە (قالبە ڕەسەنەکان و قالبە تازە داهێنراوەکان). (شمیسا، ۱۳۸۳، ٤ – ۱۲).

لە ڕەخنەی کوردیدا تا ئێستا ئەم مەسەلەیە بابەتێکی نوێیە، بۆیە هەر فۆرمە بیانییەکەی (ژانر) بەکاردەبرێت، جاربەجاریش زاراوەکە بە (جۆرە ئەدەبییەکان) یاخود (چەشنە ئەدەبییەکان) ناودەبرێت وەکو ئاماژەیەک بۆ چەمکی (ژانری ئەدەبی).

## ٢- چەمک و پێناسەی ژانری ئەدەبی:

---

(*) بۆ نموونە ڕەخنەگرە عەرەبەکانی وەکو: (محمد غنيمي هلال، مجدی وهبه، كامل المهندس، عبدالعزيز شبيل، خلدون الشمعه، صديق بوعلام) زاراوەی (الجنس) بەکاردەبەن، ڕەخنەگرانێکیش لەوێنەی: (حسن عون، محی الدين صبحی، شكری عزيز الماضی) زاراوەی (النوع) بەکار دەهێنن. (هەر ئەو سەرچاوەیە، ۱۰۳).

ژانره ئەدەبییەکان وەکو زانست بەشێکە لە تیوری ئەدەب  ئەدەبیاتناسی. خەسلەتی بنەڕەتی ئەم زانستە پولینکردن و پۆلبەندی بەرهەمە ئەدەبییەکانە بۆ دەستە و چین و گروپی جیاواز بەپێی بنەمای جیاکردنەوە و پاکی ژانرەکان. بنەمای هەڵاواردن و جیاکردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکان سەرەتاکەی بۆ هەر یەک لە (ئەفلاتون)، (ئەرستۆ)، (هۆراسی ڕۆمانی) دەگەڕێتەوە. (ئەرستۆ) سێ ژانرە سەرەکییە کۆنەکەی ئەدەب (داستانی، درامی، لیریکی) لێک جیاکردۆتەوە و لەسەر بنچینەی؛ بابەت، زمان و شێواز، کات و ڕێژە و ئەرکی زمانی بەکارهێندراو، سنووری لەنێواندا کێشاون، وەک ئەوەی هەر یەکێکیان بوونێکی سەربەخۆ و جیاوازی لەوەکەی تر هەبێت. ئەنجا هەر بەپێی بنچینەکان (ئەرستۆ) خەسلەت و تایبەتمەندیی هەر یەکێک لەم ژانرانەی دەستنیشانکردووە، کە لە دوایە ئەم خەسلەت و تایبەتمەندییانە لەلای توێژەر و ڕەخنەگرانی ئەدەب بوون بە یاسا و ڕێسای نەگۆڕ و چەسپاو بە مەبەستی لێکهەڵاواردنی ژانرەکان. (علقم، ٢٠٠٦، ١٥) بەم پێیە دەشێت ژانری ئەدەبی وا پێناسە بکرێت؛ کە بریتییە لە کۆمەڵێک خاسییەت و تایبەتمەندی لەبنیات و شێواز و داهێناندا کەوا لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا هەیە و لەوانی تری جیا دەکاتەوە. لەگەڵ وەشدا کە ژانرەکان لە هەندێ لایەنی خەسلەت و تایبەتمەندی و شێوازدا لێکچوون لەنێوانیاندا هەبێت، بەڵام لەڕووی بنیاتەوە جیاوازی هەر دەمێنێت و هەر ئەم جیاوازیەشە کەوا سەربەخۆیی داهێنان و نوێگەری پێ دەبەخشێت. مەسەلەی پابەندبوون بە تیوری ژانرەکان و ڕەچاوکردنی بنەماکانی بەدرێژایی سەدەکانی مێژوو لە ڕەخنەی کلاسیکیدا ڕەنگی داوەتەوە، ژانرەکان زیاتر بەپێی بابەت و ناوەرۆک پولین دەکران تا شێوە و قالبی ئەدەبی، بۆ نموونە شیعری داستانی (ئیپیک) لەلایەک و شیعری فێرکردن (دیراکتیک) لەلایەکی دیکە، بەپێی بابەت و واتا و ناوەرۆکیان وەکو دوو ژانری ئەدەبی جیاواز سەیر دەکران، بێ ئەوەی بە قالب و فورمێکی دیاریکراو پابەند بکرێن. (شمیسا، ١٣٨٣، ٤٩).

**ب- تیورە جیاوازەکان لەمەڕ ژانری ئەدەبی:**

لەگەڵ هاتنی سەدە تازەکان و زاڵبوونی دیدێکی زانستی و نوێ سەبارەت بە پولبەندی ژانەر و بەرهەمە ئەدەبییەکان، هەروەها پەیدابوونی ژانری تازە و نوێ لەوێنەی، ڕۆمان و ژیننامە و کورتە چیرۆک و وتاری ئەدەبی... تاد، لەپاڵ ژانرە کۆنەکان، بیرۆکەی تازە و نوێش لە مەڕ ناساندن و پۆلبەندی ژانرەکان هاتە کایەوە. لە ئاکامدا توێژەرانی بواری تیوری ئەدەبی خۆیان لەبەردەم کۆمەڵێک مەسەلە و پرسیارگەلی تازەدا بینییەوە، وەک ئەوەی کە ئاخۆ بنچینەی دابەشبوون و پولبەندی بەرهەمە ئەدەبییە جیاوازەکان چی بێت باشە؟ خەسلەت و تایبەتمەندییە ناوخۆییەکانی بەرهەم بێت باشە یاخود خەسلەت و تایبەتمەندییە دەرەکییەکان؟ یا ئەوەتا هەردوولایان پێکەوە بڕیار لەسەر ناسنامەی دەق و بەرهەمی ئەدەبی دەدەن!. ئایا ئەو مەرز و سنوورانەی بۆ جیاکردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکان داندراون تا چەند دروست و دڵنیابەخشن؟ ئەنجا ئایا ژانرە ئەدەبییەکانیش بەدەوری خۆیان دەچنە ژێر ڕکێفی یاسای مەرگ و ژیانەوە یاخود نا؟ ئەگەر وایە دەبێ تەمەنی هەر

ژانرێکی ئەدەبی چەند بێت؟ ژانرە تازەکان چۆن لەدایک دەبن و لە هەر دەورو زەمانێکدا کام ژانر زاڵ و باڵا دەست دەبێت، کامەیان لە پێشتر و کامەیان لە دواتر دەبێت... تاد. (داد، ١٣٨٣، ٥٨) ڕەخنەگر و تیور داڕێژەرانی بواری ئەدەبی، لەوەڵامی ئەم پرسیارانەدا تیور و میتۆدی جیاوازیان هێناوەتە گۆڕێ. بۆ نموونە (ویلک و وارین) لە کتێبە ناودارەکەیاندا (تیوری ئەدەبی)، کە لە ئێستادا وەکو سەرچاوەیەکی کلاسیکی سەیر دەکرێت، بەڵام بۆچوونەکانیان جێگەی بایەخە چونکێ لە دیدێکی زانستییەوە سەرچاوە دەگرێت، لایان وایە تیوری ژانرەکان لەبنەڕەتدا پرەنسیپێکی ڕێکخستنە، ئەدەب و مێژووی ئەدەب بەپێی کات و شوێن (سەردەم و زمانی نەتەوەکان) پولین ناکات، بەڵکو بەپێی بنیات و بەگوێرەی جۆرێک لە ڕێکخستن لە چوارچێوەی جۆرە ئەدەبییە پسپۆرییەکاندا. (وارین، ١٩٧٢، ٢٩٦) ئەوان چەقبەستوویی ژانرە ئەدەبییەکانیان بەلاوە دروست نییە و دەڵێن لە تیورە تازەکاندا مەسەلەی جێگیربوون و بەردەوامی ژانرەکان لە ئارادا نییە و دەشێ ژانرەکان لەنێوان خۆیاندا ئاوێتەی یەکتر ببن. ئەنجا لەڕێگەی داڕشتنی دوو چەمک و زاراوەی (شێوەی دەرەکی – oater form) و (شێوەی ناوەکی – inner form) بیروبۆچوونەکانی خۆیانیان خستۆتەڕوو. پێیان وایە هەندێ لە ژانرەکان لە ڕابردوودا بەگوێرەی بنەمای شێوەی ناوەکی پۆلبەندی کراون لەوێنەی (داستان و تراژیدیا)، لەکاتێکدا (لیریک) بەپێی بنەمای شێوەی دەرەکی دەستەبەندی کراوە. لەم ڕووەوە دەڵێن: ((ئێمە وای دەبینین کەوا ژانری ئەدەبی بریتییە لە پۆلبەندی بەرهەم گەلە ئەدەبییەکان کە لەلایەنی تیورییەوە لەسەر هەردوو لایەنی شێوەی دەرەکی (کێش و بنیاتی تایبەت)، هەروەها شێوەی ناوەکی (ئاراستە و ئاواز، مەبەست یا ڕوونتر بڵێین: بابەت و وەرگر) دەوەستێت. (سەرچاوەی پێشوو، ٣٠٣).

فۆرمالیستەکان مەسەلەی پەرەسەندن و پێشکەوتنی مێژووی ئەدەبیاتیان بەپەرەسەندن و پێگەیشتنی ژانەرەکانەوە گرێداوەتەوە، لەم پێناوەدا بە خستنەڕووی چەمکی (ژانری باڵادەست) لە هەر قۆناغێکی ئەدەبیدا، پەرەسەندنی مێژووی ئەدەبیاتیان بە تەکامول و پێگەیشتنی ژانرەکان بەستۆتەوە و هەر بۆیەش جۆرێک لە (کۆتا هاتنی ژانرەکان)یان هێناوەتە گۆڕێ.

بەڵام یەکێکی وەکو (یاوس Jauss)، کە مامۆستای ئەدەبیات بووە لە زانکۆی (کنتانس)ی ئەڵمان، ڕای وایە کەوا پەرەسەندنی ئەدەب لە حوکمی پەرەسەندنی ژانرەکاندا نییە و خاڵی لاوازی فۆرمالیستەکانیش لەبارەی ژانراوە لەمەدایە، بۆیە تیورەکەی ئەو لەم ڕووەوە بۆتە تیوری (دەستنیشان نەکردنی ژانرەکان)، چونکێ ئەو دەڵێ؛ ژانرە ئەدەبییەکان هەمیشە چەشنگەلێکی شێوە چۆن یەکەکانی بەرهەمە تایبەتەکان نین و، لەم بارەیەوە هەرگیز ناتواندرێت لە بەرهەمە ئەدەبییە ناودارەکاندا یەکێک لە جۆرەکان یان ژانرەکان وەکو تەنیا شێوەی تاقانەی بەیان و خستنەڕوو بزاندرێت. لەم بارەوە (تۆدۆرۆف)یش وەکو پالپشتییەک بۆ ڕایەکەی (یاوس) دەڵێت: ((هیچ

پێویستییەک لەئارادا نییە کەوا بەرهەمی ئەدەبی وەفادارانە لە پانتایی یەک ژانەری تایبەتدا بمێنێتەوە. (شمیسا، ١٣٨٣، ٢٧)

بۆچوونە جیاوازەکان لەمەڕ (تیوری ژانەرە ئەدەبییەکان) زۆرن و هەردەستەیەک و بەڵگە و دەلیلی خۆی بەدەستەوەیە. لێرەدا بابەتەکە بەو پرسیارە کۆتا پێدێنین کە دکتۆر شەمیسا ورووژاندوویەتی و دەڵێ؛ ئایا لەنێوان ژانرە ئەدەبییەکاندا کامەیان بایەخدارترە؟ ئەنجا لەڕێگەی شیکارییەکی لۆژیکییانە وەڵامەکە یەکلایی دەکاتەوە و دەڵێ: لە ڕەخنەی ئەدەبیدا حوکم نییە یەکێک لە ژانرەکان لەوانی دیکە بە گرینگتر وەربگرین، لەگەڵ ئەوەی لە ڕابردوودا ئەرستۆ تراژیدیای پێ لە داستان باڵاتر بوو، لەکاتێکدا ئەفلاتون داستانی لە تراژیدیا پێ بەرزتر بوو، لە ڕۆژگاری (ڕێنسانس)دا داستان وەکو بەرزترین ژانەری نێو ژانرە ئەدەبییەکان سەیر دەکرا، لە ئێستاشدا ژانری ڕۆمان لەنێو ژانرەکاندا تای تەرازووەکەی لە سەرەوەیە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بەرزی و نزمی ژانرەکان لەئاست یەکتریدا لەئارادا نییە، تەنیا لە تەرازووی نێوان خودی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا نەبێت کە دەشێ لە ئاستی یەکتریدا ئاسمان و ڕێسمانیان نێوان بێت، ئەنجا لە توێژینەوەکانی بواری ژانرە ئەدەبییەکاندا ڕووندەبێتەوە کەوا هەندێ لە ژانرەکان لە وێنەی (داستان و لیریک و تراژیدیا و کۆمیدیا) لە ژانرەکانی دیکە زیاتر پەلوپۆیان هاوێشتووە و وەکو لقوپۆپ ژانەری تر دەگرنە خۆیان بۆیە بەردەوام بەرچاو و گرینگترن. (هەر ئەو سەرچاوەیە، ٢٩). بەگوێرەی سەرچاوەکانی بەردەست لە تیورە تازەکانی ژانری ئەدەبیدا ڕاستییەک بەدی دەکرێت، ئەویش ئەوەیە کەوا دەستپێکی واقیعیی تیورە نوێکانی (ژانەری ئەدەبی) لە سەرکێشی و ڕچەشکێنی ڕۆمانسیزمەکانەوە دەستپێدەکات لە ئاست چەقبەستوویی بنەما تەقلیدی و سواوەکانی ژانرەوە. ئەوان چەختیان لەسەر ئەوە بوو کە هەر دەق و تێکستێک خاوە خەسلەت و تایبەتمەندی خۆیەتی و تەعبیر لە هەستوخوستی نووسەرەکەی دەکاتەوە، بۆیە هەر جۆرە ڕایەل و دیسپلینەکانی ژانەر دەبن بە کۆتوبەندی بەرزەفتکردنی هەستوهۆشی تاک، بۆیە لەم سۆنگەیەوە ڕوویان کردە پێشێلکردنی سنوورەکانی نێوان ژانرەکان و تا ڕادەی نکوولی لێکردنیشی، وەک چۆن لە گوتە ناودارەکەی (بندیتو کرۆتشە)ی ئیتالیدا دەخوێندرێتەوە کە باوەڕی وابوو، ((هەر دەقێک بەتەنیا و خۆی لە خۆیدا ژانرێکە)). (مکاریک، ١٣٨٣، ٣٧٤). بەمجۆرە ئەم ئاراستە دژە ژانریانە بە درێژایی سەدەی بیستو بەشێوەی جۆراوجۆر بەدیار کەوتوون. لەولاشەوە پێداگری و جەختکردنەوەی ڕەخنەی نوێ لە ئاستی (دەق)دا کەوا (بەرهەمێکی زمانەوانییە)، ئەوا پێویستی زەقکردنەوەی ژانری ئەدەبی لە ئاست مەسەلەکانی ئەدەبییەتدا کەوا لایەنێکی سەرەکی و ناوەکییە، دەکات بەشتێکی لاوەکی. تا ئەوەی ((ڕوانگەی پۆست مۆدێرنیزم کە بەشێوەیەکی گشتی لە هەوڵی چەقبەستن لە دەروری چەمکگەلێکی وەکو (دەق) و (نووسین) و (گوتار) دایە و بەجۆرێک کە شتێکی بۆ پۆلبەندی ژانری نەهێشتۆتەوە)). (سەرچاوەی پێشوو، ٣٧٤).

تیوره ڕەخنەییەکانی خوێنەر تەوەر لە وێنەی (هیرمۆنتیکا و ئاسۆی چاوەڕوانی) لەمەڕ ژانرناسییەوە بۆچوونی تایبەت بەخۆیان هەیە، بە نموونە یەکێکی وەکو (یاوس)، ئەوا خۆشباوەڕی بێ چەندوچوون بەژانەر ڕەتدەکاتەوە و دەڵێ؛ هەر ژانرێک لەوێنەی خودی بەرهەمی ئەدەبی، پێویستە بەشێوەیەکی مێژوویی لە ئاسۆیەکی گۆڕاودا، بەرجەستەبوونی بەرودوای خۆی بەدەست بهێنێت. (هەر ئەو سەرچاوەیە، ٣٧٨)

گەورەترین کێشە کە چەمکی ژانر لەبەردەم ڕەخنەی هاوچەرخدا دروستی دەکات پێداگری شیلگیرانەیەتی لەمەڕ ئاشتەوایی لەنێوان کۆن و تازەدا و خاوەنبوونەوەیەتی لەبەردەم گوتاری تیوریدا، ژانر لەگەڵ ئەوەی بوونێکی چەسپاوی نییە و بەردەوام لە دۆخی گۆڕان و ئالوگۆڕدایە، بەڵام وەکو سیما و خەسڵەتێکی بەرچاوی هونەری ئاخاوتن دەمبینێتەوە، وەک ئەوەی (فاولەر) بەڕاشکاوی ڕایگەیاندووە؛ ((ئەدەب هەرگیز ناتوانێت خۆی لە مەسەلەی ژانر بە دوور بگرێت، مەگەر ئەوکاتە نەبێت کە ئیتر ئەدەب نەبێت)). (مکاریک، ١٣٨٣، ٣٨٠)

## ج- ئاوێتەبوونی ژانرەکان:

لە ڕەخنەی عەرەبیدا دیاردە و چەمکی ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان کاری زۆری لەسەر کراوە و بە چەندین زاراوە تەعبیری لێکراوەتەوە وەکو (التداخل، التفاعل، تمازج او اختلاط الاجناس الادبیة)، کە هەموویان لە تێرم و زاراوەسازییەوە یەکدەگرنەوە، بەواتای ئامادەبوونی ڕەگەز و هونەر و تەکنیکەکانی ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە لەنێو دەقێکی ئەدەبیدا کەوا خۆی سەر بە ژانرێکی ئەدەبی تایبەت بێت. (ابو مصطفی، ٢٠١٥، ٤٤). لەم پرۆسەیەدا دەقە بنەڕەتییەکە بەهۆی کارتێکردن و لە ڕێگەی کۆمەڵێک ڕایەڵەی تێکچرژاوەوە بە ژانرەکانی دیکەوە دەبەسترێتەوە. ئەم دیاردەی تێکچرژان و توانەوەی سنووری نێوان ژانرەکان، وەکو لە پێشەوە ئاماژەی بۆ کرا، لەگەڵ باڵادەستبوونی ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە ئەدەبدا برەوی پەیداکردووە. ڕۆمانتیکەکان لە دژی سنوور و بەستەڵەکی نێوان ژانرەکان بوون و لە بواری داهێناندا باوەڕیان بە ئازادی ڕەها هەبوو. ئەنجا ئەم مەسەلەیە لای فورمالیستەکانیش بەو جۆرەیە کەوا کاتێک باس لە (پەرەسەندنی ئەدەب) دەکەن، پێیان وایە کەوا گەوهەری پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئەدەبی بریتییە لە کارلێکی نێوان بەرهەمەکان و یەکێتی تانوپۆ و جۆر و چەشنە ئەدەبییەکان لە ناو یەکتریدا. (عروس، ٢٠١٠، ٤٥) لە کتێبی (تیوری ئەدەب)دا هاتووە: ((لە تیوری کۆنی ژانرە ئەدەبییەکاندا، ژانرەکان لەیەکتر جیاوازن و ناشێت لەگەڵ یەکتر تێکەڵاو بن... بەڵام لە تیوری تازەی ژانرە ئەدەبییەکاندا هیچ دەقێک لەئاستی نووسەردا پەسەندتر نییە، تا ئەوەی بیروباوەڕ هاتۆتە سەر ئەوەی کەوا ژانرەکان دەتوانن تێکەڵاوی یەکتر ببن و جۆری تازە بەرهەم بێنن)). (شمیسا، ١٣٨٣، ٢١) ئەم قسەیە بەڕاست دەگەڕێت کاتێک دەبینین لە

ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا لە ئاوێتەبوونی تراژیدیا و کۆمیدیادا جۆرێکی تازە بەناوی (تراژیدی – کۆمیدی Tragicomedy) هاتۆتە ئارا، (ڕۆمان) لە گۆڕان و پەرەسەندنی (داستان)ەوە پەیدابووە، لەپاڵ ژانەرگەلێکی تازە کە لە کتێبەکەی ئەرستۆدا هەر قسەیان لەبارەوە نەکراوە. کەواتە یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی (تیوری ژانرەکان – Gener Theory) ئەوەیە، کە لەگەڵ پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئەدەبیات و ئالوگۆڕی سەردەمەکان و داهێنانی بەرهەمی مەزن و تازە و نوێ، ژانەرەکانیش ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت، ژانەری تازە و نوێ لەدایک دەبن و ژانری واش هەیە کوێر دەبێتەوە و لە نێو دەچێت.

لە ئەدەب و ڕەخنەی ڕۆژهەڵاتدا یەکەمین و سادەترین دابەشبوونی ئاخاوتن (ئەدەب) لەنێوان (شیعر و پەخشان)دا کراوە، وەک لای؛ (ابن رشیق، جورجانی، ابی هلال العسکری ... تا دەگاتە محمد مندور و محمد عنیمی هلال)دا دەیبینین (روابح، ٢٠١٨، ٢٢). لەگەڵ ئەوەی لە مێژووی ڕەخنە و ئەدەبدا تەرازووەکە هەمیشە بەلای شیعردا شکاوەتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، ((ئەم بەکارهێنانە جیاوازەی زمانی پەخشان و زمانی شیعری، بۆتە مایەی دروستبوونی ژانرگەلێکی سەر بە شیعر و سەر بە پەخشان)). (ویس، ٢٠٠٢، ٢٤)، بە دیوێکی دیکەدا هەر لێک نزیکبوونەوەی زمانی شیعر و زمانی پەخشانە بۆتە بنەما و بنچینەیەک بۆ لەدایکبوونی ژانرێکی نوێ بەناوی (پەخشانە شیعر)، هەروەها ئاوێتەبوونی ژانرەکانی ژێرچەتری ئەم دوو هونەرەیە بۆتە ماکی پەیدابوون و هاتنە ئارای بەشێک لە ژانرەکان، کە دەشێت بە (ژانری دوو ڕەگ) بدرێتە قەڵەم لە وێنەی (چیرۆکی شیعری و شانۆنامەی شیعری). (پەخشانە شیعر) لەنێوان ئەوەی ژانرێکی ئاوێتەی نێوان (پەخشان و شیعر) یان (شیعر و پەخشان) لەلایەک و لەنێوان تێڕوانینی وەکو ژانرێکی تایبەت و سەربەخۆ، بیروڕای جۆراوجۆری لەسەرە و بۆتە مەسەلەیەکی ئیشکالی، تازەترین بۆچوون ئەوەیە کەوا (د. عزالدین المناصرة) لە کتێبەکەیدا (إشكالية قصيدة النثر) هێناویەتی، لەگەڵ ئەوەی ئەولای وایە کەوا (قەسیدەی پەخشان) وەکو هەڵەیەکی باو ڕۆیشتووە، بەڵام لای وایە؛ زاراوەیەکی گونجاوە. ئەنجا دەڵێت: قەسیدەی پەخشان دەقێکی کراوەیە بەڕووی جۆرە گێڕانەوەییەکانی پەخشان و خاوەنی پلەیەکی بەرزی شیعرییەتە، واتە نووسینێکی ئازادە و هەر بۆیەشە دەقێکی ئەدەبی سەربەخۆیە. ئەنجا لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیدا دەگاتە خاڵێکی جەوهەری و دەڵێ: قەسیدەی پەخشان ژانرێکی سەربەخۆیە و دەقێکی کراوەیە لە ڕووی ژانرەکانی دیکە و بەرامبەرەکەیدا، (مەبەست شیعرە)، واتە لەو ناوەدا ژانری ئەدەبی (سێیەم)ە لەبەرابەر شیعر و گێڕانەوەدا، وەک چۆن قەسیدەی پەخشان دەقێکە ژانرەکانی پێشوو تێدەپەڕێنێت. (المناصرة، ٢٠٠٢، ٥٢٦).

## (٢)

## ئاوێتەبوونی ژانرەکان لە شیعری ڕوانگەدا(*)

وەکو دەزانین ئەدەب داهێنراوێکی زمانی فرەڕەنگو فرەڕەهەند و کۆمەڵێک ژانر و جۆری ئەدەبی جیاواز پێکدەهێنێت کە هەر یەکێکیان خاوەن خەسلەت و تایبەتمەندی ئەدەبی و هونەری تایبەتن. ئەم جۆر و ژانرانە لە هەندێک خەسلەت و تایبەتمەندیدا بەیەک دەگەن و لە هەندێکی دیکەدا لە یەکتر دادەبڕێن، زۆر جار ڕەگەز و تەکنیکەکانی ژانرێک دەخزێتە ناو ژانرێکی دیکەوە. بۆ نموونە ژانرێکی وەکو شیعر بەردەوام لە ڕەوتی پەرەسەندن و پێشکەوتنیدا لە هەوڵی خۆدەوڵەمەندکردن دا بوو لە ڕێگەی خواستن و وەرگرتنی هونەر و تەکنیک و ڕێکەوەندی ژانرەکانی دیکەوە، لەوێنەی خواستنی هونەری گێڕانەوە لە چیرۆک و داستان و، هونەرەکان ململانە و فرە دەنگی و دیالۆگ و مەنەلۆگ لە شانۆ و درامادا. (برهم، ٢٠١١، ١٠٦).

شیعری ڕوانگە وەکو سەرەتایەکی قۆناغی نوێخوازی (مۆدێر نییە) لە ئەدەبی کوردیدا، وەکو ئاوێنەیەک دیاردەکانی فرە ژانری تیادا ڕەنگی داوەتەوە. لێرەوە بەگوێرەی ئەو دەق و تێکستانەی لەکاتی خۆیدا لەنێوان سالآنی (٧٠ – ١٩٨٠)دا، لەلایەن ڕوانگە خوازەکانەوە نووسراون و لە دیوان و کۆمەڵە شیعر، یا لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە، ئاوڕ لە هەندێ لایەنی ئاوێتەبوونی ژانرەکان لای ڕوانگەییەکان دەدەینەوە و نموونەی شیعریان بۆ دەهێنینەوە.

---

(*) ڕوانگە؛ بەواتای ئەو شوێنە بەرزەیە کە لێیەوە بەسەر شوێنە نزمەکانی دەوروبەریا دەڕوانێت. خۆی بزووتنەوەیەکی ئەدەبی بوو لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٧٠ دا، دوابەدوای بەیاننامەی (١١) ئازار، لەلایەن دەستەیەک لە شاعیر و نووسەرانی کورد؛ شێرکۆ بێکەس، حسین عارف، کاکە مەم بۆتانی، جەلال میرزا کەریم، جەمال شارباژێری)یەوە ڕاگەیێندراوە، ئەم بزووتنەوەیە لە ڕێگای بەیاننامەیەکەوە بە ناونیشانی (بانگەوزایێک لە ڕوانگەی ئەبیی نوێمانەوە) خۆیان بە خەڵک ناساند کەوا یەکەم جار لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاوکراوەتەوە. ڕوانگە بڵاوکراوەکیشیان هەبوو لەشێوەی گۆڤارێکی ناو بە ناو، هەر بە ناوی (ڕوانگە)وە و کە تەنیا لە نێوان سالآنی (٧٠ – ١٩٧٢)دا سێ ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوە ئەم گۆڤارە وەکو ئورگانی بزووتنەوەکە وابوو، بەرهەم و داهێنانی شاعیر و ئەدیب و نووسەرانی سەر بە بزووتنەوەکەی، لە شیعر و چیرۆک و ڕەخنە و شانۆنامە و ... تیادا بڵاوکراوەتەوە. ڕوانگە لە دوایە بوو بە تەوژمێکی ئەدەبی بەهێز و بەربڵاو لە شێوەی ئاراستە و وەرچەرخانێکی ئەدەبی و ڕووناکبیری کەوا مێژووی ئەدەبی کوردی لە دوای نوێکردنەوەی یەکەم لەسەر دەستی (شێخ نوری و گۆران و هاوەڵانی) بۆ دووەم جار لە دەیەی حەفتاکاندا لە سەدەی ڕابردوو بە خۆیە بینیوە و بۆتە شەقڵ و سیمای زاڵی بەرهەمی ئەدەبی کوردی تاوەکو شەپۆڵە نوێخوازییەکانی دوای ڕاپەڕین.

١- بنیاتی گێڕانەوە لە شیعری ڕوانگەدا:

سەردەمی ڕوانگە سەردەمی بووژانەوەی پەخشانە شیعرە، لە پەخشانە شیعردا کۆمەڵێک ڕەگەز و تەکنیکی هونەری هەن کە هەندێکیان سەر بە ژانری شیعر و هەندێکیشیان سەر بە ژانری پەخشانە، وەکو دەزانرێت حەکایەت و چیرۆک و ڕۆمان بەشێکن لە هونەرەکانی پەخشان یاخود ژانرەکانی سەر بە کێڵگەی پەخشان، مەسەلەی (گێڕانەوە – السرد) ڕەگەزێکی بنچینەییە لە حەکایەت و چیرۆک و ڕۆماندا، تەنانەت ئەم ژانرە پەخشانیانە بە ژانرگەلی گێڕانەوەیی دەناسرێن، لە پەخشانە شیعردا، یاخود وردتر بڵێین لە (قەسیدەی پەخشان) دا جۆرێک لە تەحەوول و ڕووو وەرگێڕان هەیە لە خوازەی ڕەوانبێژییەوە بەرەو خوازەی بنیات لە ڕێگەی شێوازی گێڕانەوەوە، بە واتای لە ئامێزگرتنی هونەرەکانی پەخشان و لەوانەش (گێڕانەوە) لە لایەن شیعرەوە. (الناصر، ٢٠٠٧، ٢٠)

لە فەرهەنگی ئەدەبیدا هاتووە: ((گێڕانەوە لە تێکستی ئەدەبیدا (شیعر یان پەخشان) بەرهەمی دوو شت یا دوو توخمە؛ ڕووداو یان مێژوو، واتا ئەو بابەتەی کەرەسەی گێڕانەوەکەیە. دوو: گێڕانەوە خۆی، لێرەش بەپلەی یەکەم مەبەست لە چۆنییەتی گێڕانەوەیە. هەر بابەتێک یان ناوەرۆکێک دەشێ بە زۆر شێواز بگێڕدرێتەوە... کە پێی دەوترێت شێواز یان هونەری گێڕانەوە. بەهای ئەدەبی و بەهای جوانی لە هەر کارێکی ئەدەبیدا لێرەوە دەردەکەوێ)). (عومەر، ٢٠١٢، ٢٤٢).

لە پەخشانە شیعردا یەکێک لەو تەکنیکانەی دەخرێتە خزمەتی  ستراتیژییەتی گوتاری شیعری مەسەلەی گێڕانەوەیە، واتە شیوازی چیرۆکئامێزانە یان حەکایەت لە خەیاڵکردن و خستنەڕووی بۆچوون و بیرۆکەکانی شاعیر بێ ئەوەی سیمای بنەڕەتی شیعرییەت و جوانیناسی لەدەق دابماڵێت. ئامادەبوونی هونەری گێڕانەوە لەشیعری ڕوانگەدا، دیاردەیەکی تازەو نوێ نییە لە شیعردا بەشێوەیەکی گشتی و لەشیعری کوردیشدا بەشێوەیەکی تایبەتی پێشینەی دووری هەیە. (مەلا، ٢٠٠٥، ٦). لێرەدا مەبەست ئەوەیە کەوا توخمێکی گێڕانەوە تێکەڵ بە شیعرەکە دەکرێت و ڕەگەزەکانی دیکەی گێڕانەوەکەش، لەوێنەی (ڕووداو، کەسایەتی، کات و شوێن)یش لە باڵاوپانتایی دەقدا ڕەنگدانەوەی دەبێت. لەم بارەوە (د. عمر الطالب) سەبارەت بەدەقی شیعری موتوربەکراو بە ڕەگەزی گێڕانەوە دەڵێ: ((گێڕانەوەیەکی شیعرییە شێوازێکی حەکایەتئامێز وەردەگرێت، بەپشتبەستن بەڕووداوێک یان کۆمەڵە ڕووداوێک لە دووتوێی چوارچێوە و بنیاتێکی شیعریدا کە بەکاتوشوێنێکی دەرەکی یاخود دەروونی سنووردارکراوە و تیایدا گوزارشت لە بیرۆکەیەک دەکرێتەوە کەوا کاراکتەر تیادا ڕۆڵێکی بنەڕەتی و بزوێنەری لە ڕووداوەکەدە هەیە، هەروەها لە گەشەپێدان و بەرەوپێش بردنیشی لە ڕێگەی زنجیرەی ڕووداوەکانەوە هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی و... دەکرێ قارەمانی چیرۆکەکە شاعیر خۆی بێت و ڕووداوگەلێک بگێڕێتەوە کە بەسەر خۆیدا هاتبێت، بەڵام گێڕانەوەیەک نا وەک چۆن ڕوویداوە

بەڵکو شاعیر پەنا بۆ ئاوێتەکردنی واقیع و ئەندێشە دەبات لەڕێگەی هەستی خەیاڵکردنەوە)). (أردینی، ٢٠١١، ١٥)، لێرەوە ئاوڕ لە چەند نموونەیەکی شیعری دەدەینەوە:

- عەبدوڵلا پەشێو، لە شیعرێکیدا بەناونیشانی (پرسیارێک)دا دەڵێ:

**لەیادمە**
**ساڵ: کۆتایی شەست و شەش بوو**
**شار: مەچەک بوو**
**ئێوارە بوو..**
**بۆ یەکەم جار..**
**من هەستم کرد، بەتەنگیی شار**
**تۆش هەستت کرد، بەتەنگیی شار**
**دوور ڕۆیشتین**
**لە سووچێکا پێک گەیشتین**

**(پەشێو، ١٩٧٢، ٦٨)**

ئەم جۆرە گێڕانەوە (ڕاستەوخۆ)یە زۆرجار هەر لەسەرەتاوە ناسنامەی خۆی ئاشکرا دەکات، کاتێک بە دەستەواژەکانی وەکو: هەبوو نەبوو، دەگێڕنەوە، ڕۆژهات و ڕۆژ رۆیشت... تاد، دەسپێدەکات وەک لەم نموونەشیعرییەی (شێرکۆ بێکەس)دا هاتووە:

**خشل**
**دێرزەمانێ.. گێڕایەوە**
**شیعرێ خۆی بارکرد لە خشڵی**
**ژنی سوڵتان**
**ڕۆژ ڕۆی.. ڕۆژ هات**
**کاتێ کە ژنی سوڵتان مرد**
**لەسەر فەرمایشتی سوڵتان:**
**ژن و،**
**خشل و،**
**شیعرەکەیان**
**پێکەوە ناشت**

**(بێکەس، ١٩٧٨، ١٦)**

لە ڕاستیدا بابەتی حەکایەت و گێڕانەوە لە شیعردا مەرج نییە بەگوێرەی یاسا و ڕێسا ناسراوەکانی چیرۆک و ڕۆمان بچێت بەڕێوە، لەشیعردا ڕووداو وەک زنجیرە تابلۆیەکی کۆکراوە لە چیرۆک و گێڕانەوە پێشکەش دەکرێت کە بە دەوری کەسایەتییەکاندا دەخولێنەوە. (اطیمش، ١٩٨٢، ٥٠) صلاح شوان، چیرۆکی دابڕانی خۆی و دڵدارەکەی دەگێڕێتەوە، لە هەندێک جێگا ئیستێک دەکات و بە گێڕانەوە و حیکایەت وێنەی ئێش و ئازارەکانی دەکێشێت:

**چرۆی بەفر**
**هۆ لەیلێ.. لەیلێ، لەیلەکەم..!**
**تاقە جارێک پێت گەیشتم**
**نەتهێشت غەمی پەرێزەکانت گوڵچن کەم**
**نەتهێشت بارانی ئارەزووم**
**تاوێ بە ئاودڕەنەرمەکانی لەشتا**
**شۆڕبێتەوە..**
**لقەکانی مانگ و ئەستێرەت بۆ بگرن**
**لە لێواری وەرزی زاینی گولیلکی کانیاوێکا**
**ماسی هەموو**
**گڕستانەکانمت لە کۆشی وشکتدا**
**خەو لێ خست و**
**سەرمت خستە سەر تاشە بەردەکەی سیزیف و بەجێت هێشتم**
**(شوان، ١٩٧٨، ١٢٨)**

گێڕانەوە لەم نموونانەدا ئاراستەیەکی (خودی) وەرگرتووە بەو هۆیەی نموونە شیعرییەکان پارچەی شیعری (لیریک)ن و لیریکیش زیاتر لە دەوری موعاناتی خودی شاعیر دەخولێتەوە، لەم بابەتە لە نامیلکەی **(زریان)ی (ئەنور قادر محەمەد)دا هاتووە: ئێوارەیە و کۆچ ئاگرە و ناکوژێتەوە**

**لە هەواری ماتی تەما**
**دەواری دەروون هەڵئەدەم**
**بە کۆچەڕێی دووری خەما**
**بارگەی وشەم بەڕێ ئەخەم**
**باوبۆرانێ لە دڵمایە؛ گەر ببارێ**
**هەسوونە زێڕینە و هەتاو**

**ئەدا لە یەخەی بەهارێ**

* * *

**هەورەکانی ئاسمانی شار**
**بۆ باوەشی گۆماوەکەی (دەربەند) ئەفڕین**
**وتیان نامە ... سڵاو، هەواڵ**
**بۆ باوک و دایکت نانێری**
**ئەی نامەی ئەوانت ناوێ**
**وتم (سیروان) هەموو ڕۆژێ**
**هەواڵیانم بۆ ئەهێنێ**

**(محەمەد، ١٩٧٨، ٣٤)**

جۆرێکی تری گێڕانەوە، گێڕانەوەی وەسفییە کە لە شیعردا بە زۆرشێوە پێڕەوی لێدەکرێت. لێرەوە لە ڕێگەی وێنەکێشانی وەسفییەوە گێڕانەوە خاودەکرێتەوە یاخود دەوەستێندرێت، وێنەی وەسفی وێنەیەکی زەینییە لەبارەی دیمەنێک یان شعورێک کە بە وشە پێشکەش دەکرێت. (سەعید، ٢٠٠٩، ١٣٠) لەم بوارەدا گوتەیەکی ناودارمان هەیە کە دەڵێ؛ نیگارکێشان نەخشاندنی وێنەیە بە ڕەنگ، بەڵام شیعر وێنەکێشانە بە وشە

- ڕەفیق سابیر، لە پارچەیەکیدا بەناونیشانی (سکاڵای ئەستێرەیەکی تاساو)دا دەڵێ:

**خوشەویستم .. دوێنێ ئەستێرەی سیلاوی**
**ئاسۆی ژیان ..**
**دوا فرمێسکی، قەتیس ماوی**
**چاڵی .. چاوی**
**ڕژایە ناو .. دەمی نەهەنگی شەولەبان!.**
**دوا برژانگی هەڵوەریوی**
**بەتەزیوی**
**کەوتە .. ناوکۆشی، پەرژینی**
**بێ ئەوینی ..**
**باخچەی زستان**

**(ڕوانگە (٢)، ١٩٧١، ٣٦)**

گێڕانەوە لە شیعری (شێرکۆ بێکەس)دا کەوا بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆی پێکهێناوە، هەموو ئەرکەکانی، وەک چۆن (جیرارجینیت) دەستنیشانی کردووە، بەجێ دەگەیەنێت لە؛ ئەرکی گەیاندن، ئاراستەکردن، ئەرکی ئایدۆلۆژی و لە دواییشدا گێڕانەوەیی. (التمیمی، ٢٠٠٨، ٣٠):

**تەوقەکردن**
**قەڵەمی (زنجی)یەک لەسەر**
**کۆشکی سپی .. ڕاوەستا بوو**
**هاواری کرد:**
**کە بروسکە تەوقە لەگەڵ**
**هەورا ئەکا**
**ڕەگ**
**ئەو مەلانەی بەئاسمانەوە ئەکوژرێن**
**گەر ئەستێرەو پەڵە هەورو**
**(با) و هەتاویش**
**تاوانکەران بەدی نەکەن**
**(ئاسۆ)ش گوێی خۆی کەڕکا لێیان**
**شاخ و ئاویش لەبیریان کەن**
**هتد .. هتد**
**تاقە درەختێ هەر ئەبێ بیانبینێ و**
**ناویان لەسەر**
**ڕەگەکانی خۆی بنووسێ!**

**(بێکەس، ١٩٧٨، ٦ – ١٨)**

(محمد بەدری) دەقێکی بەناونیشانی (هەستی یاخیبوون) بڵاوکردۆتەوە، کەوا گێڕانەوەیە لە سیاقی ژیننامەدا، کە لە ڕووی تیورییەوە دەشێ بە تێچینکردنی (ژیننامە) وەکو ژانرێکی سەربەخۆ لەباڵ شیعردا سەیر بکرێت:

**لە شارێکی لە بیر چووا**

**له دایکبووم ...**

**له گۆمی ئازار و خەما**

**پەروەردە بووم ...**

**شارەکەمان،**

**هاوارێک بوو**

**لەناو گێژاوی ونبوونا**

**ئەتوایەوە**

**ڕووبارێک بوو**

**هەناسەکەی**

**لافاوێک بوو**

**بەناو گەرووی داگیرکەرا**

**ئەڕژایەوە ..**

**(ڕوانگە (٢)، ١٩٧١، ٤٣)**

٢- بنیاتی درامی لە شیعری ڕوانگەدا:

مەسەلەی بنیاتی درامی شیعر لە بنچینەدا لەسەر بنەمای تیورەکەی ئەرستۆدا داڕێژراوە، شیعر وەکو چوارچێوەیەک، جگە لە خەمەکانی خودی شاعیر خۆی لە بابەتی (لیریک)دا، پەیامی شانۆ (دراما) و پەیامی داستان (مەلحەمە)یشی گەیاندووە، بۆیە لە ئاواکردنی بنیاتی تەلاری خۆیشیدا بەمەبەستی خۆ دەوڵەمەندکردن و ڕازاندنەوەی ناوەرۆکدا، سوودی لە ڕەگەزەکانی دراما وەرگرتووە. (عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ١٣٩). لە دوایەش وەکو یەکێک لە دیاردەکانی نوێخوازی و کرانەوە بەڕووی ژانرەکانی تردا ڕەگەزەکانی شیعر و ڕەگەزەکانی دراما ئاوێتە و تێکەڵاوی یەکتر دەبن. بەو جۆرەش کەوا (هیگل) گوتوویەتی؛ کە شیعر هونەری هەموو هونەرەکانە، بۆیە لە توانایدا هەیە هەموو ژانرو هونەرەکانی تر، لەوانەش دراما و ڕەگەزەکانی دراما بگرێتە خۆی. (شغیدل، ٢٠٠٧، ١٨٣)، لیریک، پارچەیەکی وێژدانی و خودی سنووردارە و بە زۆری تەعبیر لە ئەزموونێکی تایبەتی شاعیر

دەکاتەوە. ئەم کورتی و سنووردارییە بۆ لیریک وەکو ناوەڕۆک و قالبێکی شیعری لە (غەزەل)ی کلاسیکییەوە بەمیرات بۆی ماوەتەوە وەک خاسیەت و تایبەتمەندییەکی شیعری. بەڵام قەسیدەی درامی، هەر دیسان بەگوێرەی تایبەتمەندی و سروشتی شیعری، هەم پارچەیەکی درێژ و هەمیش بنیاتی (بابەتی) بەسەریدا زاڵ دەبێت، باس لە ڕووداو و ململانێکان دەکات و لەم پێناوەدا سوود لە تەکنیکەکانی شانۆ وەردەگرێت، دەیمەن و تابلۆکان بەدوای یەکدا ڕێکدەخرێن، ڕووداو بەرەبەرە هەڵدەکشێت و پەرە دەستێنێت، چارەسەرەکان لەڕێگەی کێشمەکێشی نێوان کەسێتی و کاراکتەر و لایەنەکان و دەنگە جیاوازەکانەوە دەخرێتەڕووو. (اطیمش، ١٩٨٢، ٧٨) ئەم ئاوێتەبوونەی شیعر و دراما لە ڕێگەی تەکنیکە هەرە دیار و کاریگەرەکانی هونەری دراماوە بە ئەنجام دەگات کە ئەوانیش بریتیین لە؛ دیالۆگ و فرە دەنگی.

(دیالۆگ) یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هونەری شانۆ و دراما گفتوگۆی نێوان کەس و کاراکتەرەکانە کە بە شێوەیەکی ڕوون و بابەتی دەدوێن و گرینگی و بایەخیشی لەوەدا بەدیاردەکەوێت کەوا سروشتی ململانە و توانای عەقلی هێز و لایەنە بەریەککەوتووەکان ئاشکرا دەکات. (ابو مصطفی، ٢٠١٥، ١١٧) لە قەسیدەی درامیدا کەسەکان و لایەنەکان خاسییەتێکی ڕەمزیان دەبێت، یا لە شێوەی دەمامکدا شاعیر خۆی لە پشت کاراکتەرەکانەوە حەشار دەدا و بە زمانی ئەوانەوە دەدوێت، کێشەکان دەورووژێنێت و پرسی ململانە و چارەسەرەکان دەخاتە ڕوو. هات و لەم لایەنەوە خوێندنەوە بۆ قەسیدەی (وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد)ی (ئەنوەر قادر محەمەد) بکەین، دەبینین ڕووداو و ململانە چارەنووس سازەکان لە ڕێگەی فرە دەنگی و دایالۆگی نێوان لایەنە سەرەکییەکانەوە (فەرهاد، شیرین، کۆرس، پیرێژن) بەڕێوەدەچن و هەر لەم ڕێگەیەشەوە دەگەن بە ئەنجام و چارەسەر:

- **کۆرس:**

**فەرهاد! .. فەرهاد!**
**قوڵنگەکەت بوەشێنە**
**لە دڵی ڕەقی بێستوونا**
**بۆ شارێکی برسی و تینوو**
**ئاو دەربێنە ... گوڵ بڕوێنە**
**فەرهاد! ... فەرهاد!**

- **شیرین:**

**هۆ فەرهاد گیان!**
**نیگاکانم سۆماییان داهاتووە،**
**ڕووەو ڕێگای ئاڵی بەیان**

تینی چاویان هەڵخستووە
بۆ هاتنت شار برسییە
شار تینووە
......................................
......................................
- پیرەژن:
کەلەشێرێکی ناوەختم
لە دەرگایماڵەکانتان ئەقووقێنم
پەپوویەکم لاوانەوەی وێرانکارییی
لە هێلانەی پیرۆزەیی ئاسمانی شارا ئەخوێنم
ڕێچکەی ڕەشی زۆنگاوم و لە گەردنی سپی شارام
گرمەی سووری کرێوەم و لە چاوی سەوزی بەهارام
فەرهاد کوژەم، فەرهاد نایە
گوڵ ناڕوێ ... ئاو دەرنایە
فەرهاد ئەمرێ و ئاواتەکەی بەدی نایە
.................................
.................................
- فەرهاد:
گەرچی دڕکی پەنجەی زبری سەرما و سەهۆڵ
مەمکی کاڵی بەهار ئەڕنێ
گەرچی گیانە! .. لە هەوارە دوورەکانا
کۆچی ماتم بە فرمێسک و زەردەخەنە
دەواری غەریبی ئەچنێ
.................................
.................................
بەڵێ ئەی دەنگ!
ئەشکەوتی قووڵ نرکەی گیانت ئەتاسێنێ
لاوکی سوور سنگی کچی چیاکانمان ئەهەژێنێ
باخی زڕی لێوی زەردی مناڵەکان
زەردەخەنەی شیرین ئەگرێ

**ڕووباری ئاو بۆ گەرووی شار ڕێگا ئەگرێ**
**مردن ئەمرێ .. گیانی تینووی ڕەشبەڵەکمان**
**ئاگر ئەگرێ ..**
**زرمە و تەقەی شۆڕەسواری خۆر لەچاومان**
**بەری بەرزی ئاسمان ئەگرێ**
**شاباشی خوێن بۆ مەرگی شەو فڕێ ئەدرێ**
**شیرین دەسڕی سەرچۆپی بۆ وەرزی هاتنم ئەگرێ**

**(محەمەد، ١٩٧١، ١٤)**

(گینگل) قەسیدەیەکی درێژی (شێرکۆ بێکەس)، و (١٢) لاپەڕەی لە کۆمەڵە شیعری (من تێنوێتیم بەگڕ ئەشکێ) گرتۆتەوە. بنیاتی درامی سیمای زاڵ و دیاری باڵا و پەیکەری بنیاتنانی قەسیدەکەیە، لە ڕەگەزە دیارەکانی بنیاتی درامی لە درێژەی قەسیدەکەدا ئەم هونەر و تەکنیکانە بەدی دەکرێن؛ گێڕانەوە لەڕێی تەکنیکی مەنەلۆگ و خۆدواندن (گفتوگۆی ناوەکی)، دواندنی کەسی بەرامبەر لە ڕێگای پرسیار و وەڵام، هێنانەوەی ڕەمز و سمبۆڵە جیهانییەکان لە وێنەی (گلگامش، ئەنکیدۆ، ئۆدیب، مارکس، محەمەد، یەهودا، مەسیح، پرۆتۆس، پیکاسۆ ... گەلێکی تریش) کەوا ئامادەییان هەیە لە پانتایی دەقدا وەکو کاراکتەر و فاکتەری بزوێنەر و دروستکەری ڕووداوەکان، لەبەرامبەردا شاعیر بەدوای فریادڕەسێکدا وێڵە، فریادڕەسێک لەسەر شێوەی ڕەمزەکانی پێشوو، لە مێژوودا بۆی ئەگەڕێت تاوەکو ئەیدۆزێتەوە، لەسەر شێوەی (حسەین)دا کە شیعرەکەش هەر لەپێناوی ئەودا نووسراوە:

**بۆت ئەگەڕێم و نیوەشەو لەناو گومانی ساتەکانیا،**
**سووڕم ئەدا. ((بیرەکانم ئەمبێژنەوە))**
**سووڕم ئەدا و لە چۆلێکا کە ئاو: خەوی ئاسمانێکە نەزۆک،**
**جێم ئەهێڵێ. ((قاچەکانم ئەمگێڕنەوە))**
**جێم ئەهێڵێ و خێڵی ترسی جێ نیشتە لەناو قورگی نەهەنگا،**
**ئەمدۆزنەوە. ((دەستەکانم ئەمڕننەوە))**
**ئەمدۆزنەوە و بەستوونی یەک بە یەکی دەوارەکانی تاوانا،**
**ئەمبەستنەوە. ((لەشم لەسەرم ون ئەبێ))**
**((سەرم کتێبێکی کۆنە لەناو تاقی مێژوویەکا دانراوە،**
**تۆزی شپرزەیی ئەیخوا – سەر لەسەر سەر هەڵچنراوە –**
**خەتەکانیان داون .. ئەڵکێن بەقاچی جاڵجالۆکەی ڕۆژەکانا))**
**لەشم خوانێکە لەژووری نەوسەکانما ڕا خراوە.**

**بۆت ئەگەڕێم و نیوە شەو هەرێمێکە بێ دەنگیی داگیری ئەکا**

*** خەوە خۆری ئەم هەرێمەی خەسانووە**

**خەو بکوژن .. خەو لەم هەرێمەدا دەرکەن.**

شاعیر بەم قوفلەی دوایی لەبەشی یەکەمی تێکستەکەیدا پەردە لە ڕووی کرۆکی کێشەکە ڕادەماڵێت؛

– **خەوە خۆری ئەم هەرێمەی خەسانووە.!**

ئەنجا لە ڕێگەی هونەری پاتەبوونەوە و تەدویرەوە درێژە بەگەڕان بەدوای فریادڕەسێکدا دەدات:

.....................................

....................................

**بۆت ئەگەڕێم و نیوە شەو خەرەندێکە دەس ئەنێتە بینی وشەم**

**بۆت ئەگەڕێم و نیوە شەو تابووتێکە جیهانی تیا ڕاکشاوە.**

...................................

..................................

*** ئەی کێ ئەڵێ (ئۆدیب) ڕەوانەی دۆزەخ کراو پەشیمانە**

*** ئەی کێ ناڵێ .. ئەی کێ ئەڵێ .. ئەی کێ ناڵی ... !!**

ئەم دیالۆگە ناوەکییە ڕاڕا و گوماناوییە درێژەی دەبێت لەسەر ڕێژەی پرسیاری بێ وەڵام، **کێ ئەڵێ و کێ ناڵێ**! دواتر دەگەڕێتەوە سەر موناجاتەکانی پێشووی:

**بۆت ئەگەڕێم و گالیسکەی ئەم شەوە زەنگە سەرەولێژ!**

**ترسی کۆیلەم .. بەدوای خۆیدا ڕائەکێشێ.**

..................................

.................................

**وەک ((مەم)) بدوێ ..**

**چۆن ئەهێڵێ گیای هەناسەی ((دەیدەموونە))**

**لە زەلکاوی سییەکانی پیرێژنی فەرهاد کوژەی،**

**ڕقا بڕوێ .. چۆن ئەهێڵێ**

*** دەمامکەکان هەڵبەنەوە ئەم شانۆیە هەرەس دێنێ.**

**دەمامکەکان هەڵبەنەوە ئەم شانۆیە هەرەس دێنێ.**

بنیاتی گێڕانەوە، وەکو چۆن بنیاتی درامیش لە شیعری (شێرکۆ)دا بەپێی دوو شێواز بنیات نراوە؛ یەکیان وەسفە، کە لە ڕێگەی کات و شوێنە وەسفکراوەکاندا بنیات دەنرێت، دووەمیان لایەنی درامیەکەیە کە ئەویش لە ڕێگەی بەیەکەوە گرێدانی کەسایەتییەکانەوە چ حەقیقی بن چ خوازەیی لە ڕێگەی دیالۆگەوە کەوا بە ئەرکی بەیەکەوە گرێدانی واتا و بیرۆکەکان نێوان کەسەکانەوە هەڵدەستێت چ لە ئاستی دەلالیەوە بێت یاخود دەروونی. (التمیمی، ٢٠٠٨، ١٣٢) ئەم هەڵکشان و داکشانە لە درێژەی قەسیدەکەدا بەردەوامی هەیە، تاوێک لەڕێی پرسیار و وەڵامە نامەکان:

- **تۆ کێی .. تۆ کێی**
- **هەتاوێکم بەبێ ئاسۆ!**
- **دەرکراوی؟**
- **........................**
- **چۆن هەڵ ئەکەی؟**
- **نان بەبێ شەرمی ناوچەوان نابرژێنم**
- **منت دیوە**
- **کە مردنم لە لێواری ترسا بینی**
- **ناوت چییە؟**
- **ناوت چییە؟**

**بۆت ئەگەڕێم و ئەم شەوە لە وێرانەی زەمینێکا ڕەنگی گومان،**

**بەچوار دەوری ئاینزاکانا ئەڕێژێ ..**

(بێکەس، ١٩٧٣، ٥ – ١٦)

ئەم دیالۆگ و مەنۆلۆگ و هەڵکشان و داکشانەی لە چینەکانی تێکستەکەدا بەدی دەکرێت، لە یەکەم هەنگاودا ئاوێتەبوونی ئاخاوتنی نێوان کارەکتەرەکان و گێڕەرەوەکە (کە شاعیر خۆیەتی) لێ دەکەوێتەوە. ئەنجا لە دوایەشدا هەموو ئەو هەڵکشان و داکشان و گواستنەوە و گێڕانەوەیە لە هەر بارودۆخ و شێوەیەکدا بێت، بە کە نالی هەست و تێگەیشتن و فەلسەفەی شاعیردا تێپەڕدەبێت لە ئاراستەکردنی هێڵەکانی قەسیدەکەدا. (عروس، ٢٠١٠، ١٧).

قەسیدەی (کۆچێکی بێ سەروشوێن) لە کۆمەڵە شیعری (دڵدارەکەم)دا، بنیاتی درامی ڕایەڵ و پۆی هۆنینەوەی پێکهێناوە، دیالۆگ لەنێوان (شاعیر) و ئاخێوەرە نادیارەکەی بەرامبەری (دڵدارەکەی) بۆتە دەروازەیەک بۆ تێکستەکە:

*** گەڵایەکی غەمباری دەم**
**ڕووباری بەفراوی مەرگی**
**ئەڕۆیت و ناگەڕێیتەوە ..**
**لە بیابانێکی وشک و برینگی ناولەپی شەوا**
**کەس ناناسی و .. کەس ناتناسی و**
**بیرم ئەکەی**
**بیرم ئەکەیت و، بیرت ئەکەم و.. هەر شەوەی**
**لە قوژبنێکی تاریکی**
**مەیخانەیەکی بەغدادا**
**ئەخۆمەوە و .. باست ئەکەم**
**باست ئەکەم و، ئەگریم و ئەخۆمەوە**
**تا لە بیرم ئەچێتەوە.**

..............................

*** خۆر جێگای بەرزەو**
**تۆ هێشتا مەلیکی بەرزە فڕیت**
**ئەترسم ڕەهێڵەی غەمی ئەم بەهارە**
**پەڕ و باڵت تەڕ بکات و .. پەکت بخات**
**نەتبینمەوە**
**جێم مەهێڵە**
**خۆشەویستم ڕووبارێکی بەهارەیە**
**دڵیشم ئەکەمە پاپۆڕ**
**بۆ لوتکەی کام چیات ئەوێ**
**سەرت ئەخەم**
**جێم مەهێڵە**

**(شوان، ١٩٧٨، ١٢٣ – ١٢٧)**

٣- بنیاتی گوتاری سیاسی لە شیعری ڕوانگەدا:

ڕەنگدانەوەی بیری سیاسی (نەتەوەیی، نیشتمانی و چینایەتی) لە شیعری کوردیدا ڕەگێکی دوورو قووڵی هەیە، پێشیەکەی بۆ شیعر و بەرهەمی خانی و حاجی دەگەڕێتەوە. بەڵام لەسەردەمی شیعری نوێگەری کوردیدا، جۆرێک لە جیهانبینی سیاسی بەدی دەکرێت و خاوەنەکەی زیاتر لە

کەسێکی سیاسەتمەدار دەچێت و لە ڕێگەی برەو پێدان و بەڕێکردنی گوتارێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی لە هەوڵی قەناعەت پێکردن و قایلکردنی خوێنەر دایە. گوتاری سیاسی سەر بەدنیای پەخشانە و بریتییە لە ((دەرەتانێک بۆ گوزارشتکردن لە بیروباوەڕ و خستنەڕووی هەڵوێست و بیروڕاکان لەئاست مەسەلە سیاسیەکاندا لەوێنەی، شێوەی حوکمڕانی و دیموکراتییەت و چۆنییەتی دابەشکردن و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و جۆرەکانی. گوتارێکە لە هەوڵی قەناعەتپێهێنانی بەرامبەرەکەی دایە بە ڕاستی و دروستی بانگەوازەکەی لە ڕێگەی هێنانەوەی بەڵگە و دەلیلەوە)). (روابح، ٢٠١٨، ٧٨). لێرەوە گوتاری سیاسی دەبێتە بوارێک بۆ هەڵوێست نواندن سەبارەت بە کێشەیەکی سیاسی لەلایەن کەسێکی داهێنەرەوە، گوتاربێژ، یا سیاسەتمەدار، یا شاعیرێک بێت. بەهۆی ئەم بارودۆخە سیاسییەی کەوا گەلی کورد لە شەستەکان و حەفتاکاندا تیایدا هەلیکردووە و بزووتنەوەی ڕوانگەش لە ئان و ساتدا بووە، بۆیە بەشێک لە بەرهەمی ڕوانگە خۆی لە گوتارێکی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی یاخی نزیک کردۆتەوە. گوتاری سیاسی و یاخیبوون بۆتە بەرنامەی کار و دەربڕین لای ڕوانگەییەکان ئەگەرچی وەکو پێداویستییەکی چەمکی شۆڕشگێڕانەی ڕووت هاتووە، نەوەک ڕەنگدانەوەی بیرێکی فەلسەفی بێت. (بەرزنجی، ٢٠٠٨، ١٣١).

(محمد بدری) لە تێکستێکدا بە ناونیشانی (هەستی یاخیبوون) دەڵێ:

**وەک ڕەشەبا**
**لەچلەی ساردی زستانا**
**دەرئەکەوم**
**بەسەر لوتکەی شاخەکان**
**سەرئەکەوم**
**لە هاوێنی دەروون گەرما**
**ئەنەڕێنم**
**تەختی داگیرکەر هەڵئەدەم**
**بە ئاسمان ئەبرووخێنم**

**(ڕوانگە)، ١٩٧١، ٤٤)**

(سامی شۆڕش) لە (سێ برگە .. خەمی یاخیبوو!)دا دەڵێ:

**خۆشەویستیم دەکەمە تۆپەڵە ڕقێ ..**
**دەینێمە ناو پەرژینی وشکەڵی گیانت**
**دەتوێمەوە**
**لە دەریای ئارەقە و خوێنی چەوساوەکان**

**تا .. دەتەقێ ..**
**تا .. هاڵاوی دەبێتە خۆرێکی چاوسوور**
**لەگەردنی ئەم شەوە بێ ئامانەدا .. ڕەق .. دەچەقێ**
**ئەوسا گیانە .. تاسەی لێوی**
**تینووم بۆ ماچ .. ،**
**چۆن ماکی داربەڕوو .. کێوی**
**دەروون پڕ بورکان .. دەمژێ**
**ئا .. وا .. بۆ ناو کوورەی گیانت .. بەگوڕ .. دەڕژێ.**

**(ڕوانگە، ١٩٧١، ٣٣)**

ئەم دیاردەی ئاوێزانبوونەی گوتاری سیاسی و شیعر لە بەرهەمی ئەو ڕۆژگارەی (جەلالی میرزا کەریم)دا[*] کە یەکێک لە ڕابەرەکانی بزووتنەوەکە بووە، زۆر بە ڕاشکاوی دەرئەکەوێت، لە ئاست ئەو دەقانەی شاعیر، کە لەو ڕۆژگارەدا دەبیندرێن دوو تێبینی خۆیان بەزەقی نمایش دەکەن؛ یەکیان ئەوەیە کە دەقەکان بەگشتی تا ئەندازەیەکی زۆر خۆیان لە گوتارێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی ڕووت نزیک کردۆتەوە. تێبینی دووەمیش هەر لەمەوە دێت، کەوا خوێنەر لە خوێندنەوەی دەقەکاندا جیاوازییەکی بنیادی ئەوتۆ بەدی ناکات و دەشێ هەموویان بەیەکەوە بلکێندرێت و وەک یەک تێکست مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. لێرەدا لە هەر تێکستە و کۆپلەیەک بە نموونە بە دوای یەکدا دێنینەوە، بۆ ئەوەی هەردوو دیاردەکە خۆیان بنوێنن:

**– لە گیانێکا .. ئینسانێکا**
**لە قووڵایی ئاسمانێکا**
**لە شڵپەی خوێنی جوانێکا**
**لە کسپە و چزەی ژانێکا**
**زۆر شت بینرا، ئێجگار نوێبوون**

***   *   ***

**بۆ گەل**
**مەشخەل**
**چرای ڕێبوون**
**وای کرد پێڵووی چاولێکنەنرێ**

---

[*] هاوڕێی شاعیرمان (کاک سەباح ڕەنجدەر) لەم دواییانە هەموو تێکست و شیعرە پەرش و بڵاوەکانی شاعیر کە لەو سەردەمەدا لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە. لە نامیلکەیەکدا بەناونیشانی (ڕوانینەکانی چاوی شەقام) کۆکردۆتەوە و بەپێشەکی و پەراوێزەوە چاپ و بڵاوی کردونەتەوە. بگەڕێوە بۆ (میرزا کەریم، ٢٠٠٨).

له ڕووی تیشکی ئەو بڕوایە
هەژاری شار هەنگاو بنێ
بەرەو سەختی ئەو ڕێگایە
کە نان
ژیان
بەختیاری بۆ ئەم تیایە

(بڕوای شار، ل ٢٧)

- گوێ شلی ئەو وتانەم لە شەوەزەنگا
چرپەیانە لە خامۆشی تاری سنگا
ئەو سکاڵا تاڵەی هەردەم
هەڵدەڕێژێ زووخاوی خەم
ئەو پرسیارە، بێ وەڵامەی، ڕێی پێنابەم
نەتێی ئەگەم
نەئەشتوانم لێی هەڵبێم و خۆم دەرباز کەم

(ڕازێکی دەروون، ل ٣١)

- ئەتانەوێ من بناسن
من عاشقی ڕێگایەکم مەرگی تیا بێ
کە هەڵویست مرد، بۆچی نابێ؟
دەروون شیعری شۆڕشێکی تری تیابێ

(ڕازەکانی هەفتە، ل ٣٦)

- داستانەکەی شار: ئەیگێڕێتەوە
پێشەوایەک مرد کەس بۆی نەگریا
ڕابەرێکی تر، وا بەڕێگەوە
هەبێ؟ ئەمجارە پێشوازی بکا؟

* * *

ئەڵێ: لەم شارە
گۆشتی ڕزیوی لاشەی کرمە ڕێز
بۆ جانەوەری پەنای سێدارە
ئەکرا بە پارووی خۆراکی بە پێز

(داستانی شار، ل ٣٩)

**- ئەتانزانی پەری ئاوات**
**لە کەژاوەی دڵداری ئاوارەوە**
**نەبێ .. نایەت**
**ئەتانزانی کەشتی شادی،**
**لە ڕۆخی زامی دەریاوە**
**نەبێ. نایەت**
**ئەتانزانی. شنەی ئاڵا لەتاو ڕێژنەی**
**ڕاستبوونەوەی سێدارەوە**
**نەبێ. نایەت**

**(ڕێگا، ل ٤٦)**

**- براکانم دەنگی شۆڕش**
**تەقەی ناو سەنگەری ئەوێ**
**براکانم. زاری شۆڕش**
**نەڕەی تۆقێنەری ئەوێ**
**براکانم. شۆڕش، شۆڕش**
**بەڵێ شۆڕش**
**بازووی ڕووخێنەری ئەوێ**
**بیری نوێی ڕەهبەری ئەوێ**

**(بەشێکی تر لە گاتاکان، ل ٧٩)**

**- ئەی کوردستانی پێشمەرگە ..**
**ڕاستە دڵی چیاکانت،**
**چاوی گەشی منداڵانت**
**ئەمساڵ پڕ شایی و ئاهەنگە**
**بەڵام. قسە، هێشتا. ڕەنگە**
**خواست و مەرام.**
**یاقووتێکی شەو چراخی**
**ناو گەرووی تاری نەهەنگە**

**(یاد و یاقووت و نەهەنگ، ل ٨٤)**

لێرەدا ڕەنگە بتوانین بڵێین کە زمان و گوتاری شیعری (سیاسی) ڕوانگەییەکان، بە بەهانەی واقیعییەت و پابەندبوونەوە بۆتە جۆرێک لە دروشم و بانگەوازی سیاسی، کە خەوشێکی زۆری بە

بنیاتی شیعری گەیاندووە و بۆتە نەریتێک لە پڕوپاگندەی سیاسی کە لە مەیدانی ڕەخنە و هونەردا ئەمڕۆ قبوڵکراو نەبێت. لەم بارەوە نموونەی زۆرمان لە بەردەستە. بەڵام بەپێویستی نازانین زیاتری لەسەر بدوێین.

٤- ڕوانگە و شیعری پۆستەر (ئاوێتەبوونی هونەرەکان)

هونەرە جوانەکان هەر لەسەرەتاوە و لەسەردەمی (گریک)دا لەپێنج بەشدا پۆلین کراون (ئەدەب، نیگارکێشان، پەیکەر تاشی، سەما و مۆسیقا). لەو ناوەدا هونەری ئەدەب و بەتایبەتیش ژانری شیعر وەک بەشێک لە هونەرە جوانەکان، توانیویەتی سوود لە هەموو هونەرەکانی دیکە وەربگرێت و هەریەکە و بە جۆرێک ئاوێتە و ئاوێزانیان ببێت. تەنانەت لە ڕێگەی وێنەگرتن و تەکنیکی (لەقتە و دیمەن و مەشهەدەوە) توانیویەتی سوود لە هونەری سینەماش وەربگرێت. یەکێک لە سیما دیارەکانی ئاوێتەبوونی هونەرەکان لە شیعری ڕوانگەدا، داهێنانی (شیعری پۆستەر یاخود پۆستەرە شیعر)ە. پۆستەر سەر بە جیهانی شێوەکاری و نیگارکێشانە و بریتییە لە کاغەزێکی چاپکراو کەوا دروشمێک یا وێنەیەکی بەرامبەر و ڕاستەوخۆی لێ دەکێشرێت و لە شوێنێکدا هەڵدەواسرێت، تاوەکو بینەر بەخێرایی زانیارییەکان لەبارەی بابەتەکەوە وەربگرێت. (الملصقات – البوسترات – educod.me٧٣٥٧٧٢)

ئەم بابەتەی هونەری شێوەکاری لە شیعری ڕوانگەدا وەکو فۆرمێکی ئەدەبی هاوچەرخ لەشێوەی کورتیلە شیعرێکی چەند دێری (لە شێوەی کۆپلەیەک)، کە واتایەکی سەربەخۆ و تەواو بدات بەدەستەوە و تیایدا پشت بەچڕی و خەستی و کورتبڕییەکی تەواو دەبەسترێت لە دەربڕین و داڕشتندا. (محەمەد، ٢٠١٤، ٥٢) (شێرکۆ بێکەس) بۆ یەکەمجار ئەم ئەزموونەی لە شیعردا تاقی کردۆتەوە. لە پاشان ئەم فۆرمە شیعرییە هاوشێوەی جیاجیای لێ کەوتۆتەوە بەناوی کورتیلە شیعر، موبایلە شیعر، شیعری هایکۆ ... تاد. مەبەستی بەرودوا لەم کارسازییە ئەدەبییە ئەوەیە کەوا شاعیر وێنە و بیرۆکەیەکی شیعری، هاوشێوەی پۆستەر و پورترتێکی شێوەکاری، لە ڕێگەی چنینی سفتوسۆلی وشە و فرێز و ڕستەکانەوە لە فۆرمێکی کورت و چڕوپڕدا بە خوێنەر بگەیەنێت[*].

---

[*] بۆ یەکەمجار (شێرکۆ بێکەس) تێکستێکی لەم جۆرەی بە ناونیشانی (١٠ پۆستەر لە پێشەنگای شیعرێکی کۆچەردا) لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا و لە هاوینی (١٩٧٥)دا بڵاوکردۆتەوە (نوسخەیەکی ئەو لاپەڕەی ڕۆژنامەکە لەلای ئێمە پارێزراوە). لە پاشان کۆمەڵە شیعرێکی لە بەرگێکدا بەناوی (کازیوە) لە ساڵی (١٩٧٨)دا بڵاوکردۆتەوە کەوا

**بالا**

**ئازارێکی باڵا بەرزم**

**بێ ئەوەی بچمە سەرشانی**

**خەمێکی تر.**

**تەنیا بەسەر هەڵبڕینێ**

**برین لە کوێ بێ ئەیبینم**

**هەژار لە کوێ بێ ئەمبینێ**

* * *

**هەنگوین**

**((نالی)) پرسی:**

**- هەنگوین چ ڕۆژێ پەیدا بوو؟!**

**((مەم و زین)) پێکەوە وتیان:**

**- هەنگوین**

**ئەو ڕۆژە پەیدا بوو**

**کە ((شانە))ی دەمی دوو دڵدار**

**هەنگی ((ماچ))یان .. بەخێو کرد و**

**لە لادێوە ..**

**ناردیانە شار!**

* * *

**کۆبوونەوە**

**لە ئەمریکای خوارووودا**

**شەو بە دزیی مەخفەرەوە**

**چەند سنوورێ کۆبوونەوە ..**

**بڕیاریان دا کە یەکتریی**

**بسڕنەوە**

* * *

**سووتان**

**بە پلیکانەی ترسدا ..**

---

سەرلەبەری بریتییە لە (شیعری پۆستەر) ئەم ئەزموونە لە شیعری عەرەبی عێراقیدا تاقی کراوەتەوە. بەتایبەت لای (سامی مهدی) لە کۆمەڵە شیعری (اوراق الزوال). بگەڕێوە بۆ: (شغیدل، ٢٠٠٧، ١٩)

**تاریکی هەروەکو دزێ**
**بۆ دەروونم شۆڕ ئەبۆوە ..**
**کاتێ گەیشتە ناو دڵم ..**
**ویستی .. دەستی**
**ڕابکێشێ ..**
**لە پڕێکدا ..**
**خۆشەویستم داگیرسان و**
**تاریکی و ترسم تیا سووتان**

***  *  ***

**لافاو**
**لافاو بە ماسی وت:**
**هۆی تووڕەبوونی لێشاوم**
**گەلێک زۆرە ..**
**بەڵام هۆی هەرە گەورەیان**
**لەبەر سەربەستی ماسییە و**
**دژی تۆڕە**

**(بێکەس، ١٩٧٨، ٥ – ٨٦)**

٥- ئاوێتەبوونی شیعر و مێژوو:

مەبەست ئاوڕدانەوەیە لە ڕووداو و قارەمانەکانی مێژوو و گێڕانەوەی چیرۆک و سەربردەیانە لە ڕێگەی فراوانکردنی فەزای قەسیدە بەمیکانیزمەکانی پەخشان و کرانەوە بەڕووی ڕووداوە مێژووییەکان کەوا کۆمەڵ یا میللەت لەسەردەمێکدا پێیدا تێپەڕیوە. لێرەدا تەوزیفکردنی مێژوو لە شیعردا، بەواتەی موتوربەکردنی دەقی شیعری بەچیرۆک و ڕووداوەکانی مێژووی ڕابردوو بە تێپەڕین بەلای گرینگی و بایەخی کەسایەتی و کارەکتەرەکانەوە، دەبێت بە (قەسیدەی ڕووداوی مێژوویی)، وەکو یەکێک لە سیماکانی تێکەڵاوی و کارلێکی ژانرە ئەدەبییەکان (الصگر، ١٩٩٩، ٢٠١٥) لە هەموو حالێکدا گونجاندنی ڕاستییەکانی مێژوو لە شیعردا، یا لە چۆنایەتی و کروئاکارێکی شیعریدا، دەبێت وەکو شیعر و وەکو ئەدەب مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، نموونەی ئەمجۆرەش لەئەدەبی هەموو میللەتاندا بەدی دەکرێت.

له شیعری ڕوانگەدا، بەتایبەتیش لای یەکێکی وەکو (شێرکۆ بێکەس)دا، هەمیشە مێژوو وەکو کایەیەکی موگناتیسی شاعیری بەلای خۆیدا کێش کردووە، ئەویش لە ڕێگەی بە شیعرکردنی مێژوو، ڕووداوی مێژوویی و قارەمان و کەسایەتییە مێژووییەکانەوە، بەشێوەیەکی فەنتازی و دوور لە ڕاپۆرت ئامێزی، هەوڵی داوە لایەنی مرۆڤایەتی کێشەی میللەتەکەی بخاتەڕوو. (جارێکی تر ((سمکۆ)) ناچێتەوە سەر خوانی مردن!) دەقێکی ڕووکار مێژووییە و سەرەتای ئەزموونێکی تازەیە لە جیهانی فرە ڕەنگ و فرە ڕەهەندی شیعری شێرکۆدا، کە لە دوایە زیاتر و بە جۆرێکی دیکە پەرەی پێداوە[*]. شاعیر لەم دەقەیدا لە ڕێگای نزیکبوونەوە لە مێژووی (شۆڕشی سمکۆی شکاک)دا بەدوای هەق و عەدالەت و ئازادی و سەربەخۆییدا دەگەڕێت لە ڕێی شۆڕش و فیداکاری و قوربانیدانەوە:

**هۆرەیە .. وا ((شوکاک)) ڕەشەبا زین ئەکات**
**بە قاچی گەردەلوول،**
**ئاوزەنگی لافاوی باڵگرتوو .. لێ ئەدات!**
*** من .. چەمی ((خوڕخوڕە))م کردووە بەدەمی،**
**دەربەندی ((قوتور))دا..**
**هەواری ((چاریە))م لە گۆمی ورمێ دا.. هەڵداوە**
**هەیاسەی ((زۆزان))م لەپشتی سەقزا .. بەستووە**
**لە سابلاخ شایی مەو .. دەستم لە .. سنەدا .. گرتووە!**
**................................**

**................................**
*** ئەی ((سمکۆ))ی پێشەنگی کاروان بروسکە**
**سڵ بکە .. سڵ بکە .. سڵ بکە**
**چڕنوکێک .. دە چڕنوک .. سەد چڕنوک**
**مەچۆرە .. سەر خوانێ کە مردن لە سەرای،**
**((شنۆ))دا .. ڕای ئەخا**
**مەچۆرە .. سەر خوانێ .. کەوچکێ قاپی خۆی**
**داخ ئەکا**
**ئەی سمکۆی پێشەنگی کاروانی بروسکە**

---

[*] ئەم هونەرە شیعرییە لە قۆناغەکانی دواتردا لای شاعیر بەئاقارێکی دیکە لە داهێنان گەشە دەکات و بە سوود وەرگرتن لە ڕووداوەکانی مێژوو بەرەو ژانرێکی ئەدەبی تازە لەوێنەی (چیرۆکی مێژوویی، یاخود، داستانی مێژوویی). وەک ئەو دەقانەی لە کۆمەڵە شیعری ((ڕووبار))دا چاپ و بڵاوکراونەتەوە. بگەڕێوە بۆ: (بێکەس، شێرکۆ، ١٩٨٤، ڕوبار – چیرۆکی شیعر، لە بڵاوکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان).

**میوانی .. خوانێکی .. کە نانی ژەهراوی،**
**ئێشکچی ژوورێی و وەستاوە**
**مەچۆرە .. ماڵێکی .. کە شێوی تاوانی**
**لەسەری بڕاوا لێناوە.**

چیرۆکی چارەنووسی تراژیدیانەی (سمکۆ) لای کەس شاراوە نییە، لای شاعیر شکست و غەدر و خەیانەتی دوژمنان و داگیرکەران نابنە لەمپەر لەبەردەم ئیرادەی هەڵسانەوەدا:

**کە جڵەو بۆ هۆڕە شل ئەکەم ..**
**لە ڕێگای .. قەتارا،**
**ڕێبواری هەناسەی حەیران و لاوکم .. پێ ئەگا**
**بمبینن .. من مانگی دزراوی،**
**ئاسمانی کوردستان .. دێنمەوە**
**بمبینن .. من کۆتری تۆراوی،**
**چاوانی دەزگیران .. دێنمەوە**

**(بێکەس، ١٩٧٣، ١٨ – ٢٤)**

## ئەنجامەکان

١- تیوری ئەدەبی لە بنەڕەتدا و لەسەر دەستی (ئەفلاتون و ئەرستۆ و هۆراس)دا لەسەر بنەمای جیاوازی ژانراەکان و لێکجیاکردنەوەیان دامەزراوە. ئەم تێزە لەسەردەمی کلاسیزمداو تاوەکو سەدەی بیست هەروا ماوەتەوە.

٢- ڕۆمانسیزمەکان شۆڕشێکیان بەڕووی تیوری جیاکردنەوەی ژانرەکان بەرپاکردووە و لە دوای ئەوانیشدا تیورو میتۆدە ئەدەبی و ڕەخنەییە نوێکان بۆچوونی جیاوازیان لەمەڕ ئەم بابەتەوە خستۆتەڕوو.

٣- یەکێک لە تێزە تازەکانی تیوری ئەدەبی مەسەلەی ئاوێتە و تێکەڵاوی ژانرەکانە، لە پاڵ ئاڵوگۆڕ و پەرەسەندنیان لە ژانری تازە و نوێدا.

٤- کۆمەڵێک دیاردە کە دەلالەت لە ئاوێتەبوونی ژانرەکان دەکەن لە شیعری ڕوانگەدا بەدی دەکرێن، لەوێنەی، بنیاتی گێڕانەوە، بنیاتی درامی، سوود وەرگرتن لە گوتاری سیاسی و تەوزیفکردنی مێژوو، لە پاڵ ئاوێتەبوون لەگەڵ هونەری شێوەکاری، کە لەم ڕێگەیەوە قەسیدەی پەخشانی کوردی، کە لەسەردەمی ڕوانگەدا برەوی پەیداکردووە، پێی ناوەتە قۆناغ و فەزایەکی فراوان و دەوڵەمەندەوە.

## سەرچاوەکان

أ/ کوردی

١- بەرزنجی، دکتۆر عەلی تاهیر، ٢٠٠٨، کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

٢- بێکەس، شێرکۆ، ١٩٧٣، من تنوێتیم بەگڕ ئەشکێ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری کوردی، هەولێر.

٣- بێکەس، شێرکۆ، ١٩٧٨، کازێوە، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.

٤- پەشێو، عبدالله، ١٩٧٢، شەونامەی شاعیرێکی تینو، مطابع ثنیان، بغداد.

٥- ڕوانگە، ١٩٧١، گۆڤاری ڕوانگە، ژمارە (٢)، چاپخانەی (النعمان)، نەجەف.

٦- سەعید، جەلال ئەنوەر، ٢٠٠٩، تەکنیکی گێڕانەوە، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

٧- شوان، صلاح، ١٩٧٨، دڵدارەکەم، دار الحرية للطباعة، بغداد.

٨- عەبدوڵلا، پەروین، ٢٠٠٨، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٩- عومەر، د. موحسین ئەحمەد، ٢٠١٢، فەرهەنگی ئەدەبی، وەشانی ڕەخنەی چاودێر، سلێمانی.

١٠- مەلا، ئەحمەد، ٢٠٠٥، شیعر تەنیا هەر بنەمایە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

١١- محەمەد، ئەنوەر قادر، ١٩٧٨، زریان، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

١٢- محەمەد، شاخەوان فەرهاد، ٢٠١٤، کورتیلە شیعر، یەکێتی نووسەرانی کورد – مەڵبەندی گشتی، هەولێر.

ب/ عەرەبی

١٣- أبو مصطفى، أحمد محمد، ٢٠١٥، تداخل الاجناس الادبية في القصيدة العراقية المعاصرة, كلية الاداب, الجامعة الاسلامية, غزه.

١٤- ارديني, د. صالح محمد حسن, ٢٠١١, ثنائية السرد والايقاع, دار الحوار للنشر والتوزيع, سوريا, اللاذقية.

١٥- اطيمش, د. محسن, ١٩٨٢, دير الملاک, دار الرشيد للنشر, بغداد.

١٦- برهم، الدكتورة لطيفة ابراهيم وقصى محمد عطية, ٢٠١١, في تداخل الاجناس الادبية, مجلة جامعة تشرين للبحوث والدراسات العلمية, المجلد (٣٣), العدد (٢).
١٧- التميمي, د. فاضل عبود, ٢٠٠٨, البناء السردي في شعر شێرکۆ بێکەس، دار سردم للطباعة والنشر, السليمانية.
١٨- روابح, رجاء وخديجه حركات, ٢٠١٨, تداخل الاجناس الادبية في شعر نزار قباني, كلية الاداب واللغات, جامعة العربي بن مهيدي – ام البواقي, الجزائر.
١٩- الصگر، د. حاتم, ١٩٩٩, مرايا نرسيس, المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع, بيروت.
٢٠- عروس, بسمة, ٢٠١٠, التفاعل في الاجناس الادبية, مؤسسة الانتشار العربي, بيروت.
٢١- علقم, صبيحة احمد, ٢٠٠٦, تداخل الاجناس الادبية في الرواية العربية, المؤسسة العربية للدراسات والنشر, بيروت.
٢٢- المناصرة, عزالدين, ٢٠٠٢, اشكاليات قصيدة النثر, المؤسسة العربية للدراسات والنشر, بيروت.
٢٣- الناصر, إيمان, ٢٠٠٧, قصيدة النثر العربية, مؤسسة الانتشار العربي, بيروت.
٢٤- ويس, د. احمد محمد, ثنائية الشعر والنثر في الفكر النقدي, منشورات وزارة الثقافة, دمشق.

ج/ فارسی

٢٥- داد، سیما، ١٣٨٣، فرهنگ اصطلاحات ادبی، انتشارات مروارید، تهران.
٢٦- شمیسا، دکتر سیروس، ١٣٨٣، انواع ادبی، انتشارات فردوس، تهران.
٢٧- مکاریک، ایرنا ریما، ١٣٩٠، دانش نامەی نظریەهای ادبی معاصر، ت: مهران مهاجر، محمد نبوی، کتاب گزیده، تهران.
٢٨- الملصقات – البوسترات – educod.me١٣٥٧٧٢

ملخص البحث

تداخل الاجناس الادبية في شعر ڕوانگه

نظرية الاجناس الأدبية من المباحث التي شغلت ميدان النقد الادبي منذ قرون واصبحت من المسائل الاشكالية. خاصة بين الذين يؤمنون بها ويؤيدون بالتالي بما يسمى بـ(نظرية نقاء الاجناس), وبين الذين يرجعون ألاجناس جميعا إلى أصل واحد تبعا لنظرية (أصل ألانواع) لچارلس داروين بصدد ألكائنات الحية, وفئة ثالثة تنكب على مسألة تفاعل وتداخل ألاجناس الأدبية المختلفة – التي تؤدي بدورها الى ميلاد وإيجاد أنواع أدبية جديدة. ولكل فئة من الفئات الثلاث أسبابه ومنطلقاته وتنظيراته ألتي تنسجم مع تلك ألتوجهات. وهذه المسألة ألاخيرة, أي تداخل الاجناس ألادبية تشكل واحدا من أهم ألاتجاهات ألحديثة في مناهج ونظريات النقد ألادبي. وتعد مسألة تداخل وإختلاط الاجناس، واحدا من خصائص ومميزات ألنتاج الشعري لجماعة (ڕوانگه) الأدبية التي تشكلت في أوائل سبعينات القرن الماضي.

هذه الدراسة تدور حول المسائل المتعلقة بنظرية الأجناس الأدبية, وحصريا تتناول مسألة التداخل في شعر جماعة ڕوانگه. تتكون إجمالا من مقدمة ومحورين رئيسيين، كل محور يضم عده فقرات على الشكل الأتي:

المحور الأول يختص بتناول موضوعة الأجناس الأدبية مرورا بالمناهج والنظريات الأدبية المختلفة حول ذلك؛ وصولا إلى إتجاهات التداخل بين الأجناس.

أما المحور الثاني فيشكل القسم التطبيقي للدراسة منطلقا من العنوان الرئيسي للبحث وقد تم تناول ذلك من عدة زوايا, منها البنية السردية في شعر ڕوانگه، ومن ثم البنية الدرامية, وتداخل الخطابين السياسي والتأريخي في شعر ڕوانگه, وأخيرا حضور ملامح الفن التشكيلي، وتلي البحث عدة نتائج مستخلصة منها, وقائمة بالمصادر المختلفة, ويليها مختصران باللغتين العربية والانگليزيه.

# Abstract

Interference of Literary Genres

The literary genres theory is among the researches that occupied the field of literary criticism for centuries. This has become one of the controversial issues, especially among those who believe in it and support what is called the theory of purity of literary genres, in comparison to those who refer all genres to one origin as per Origin of Species Theory of Charles Darwin regarding living entities. There is a third group who study the issue of interaction and interference of literary genres that lead to the birth and finding new literary genres. Each one of these three groups has their reasons, origins and theorizations, which harmonize with their trends. The latter issue, i.e., the interference of literary genres forms one of the most important modern trends in the methodologies and theories of literary criticism. Hence, the issue of interference and interaction of genres considered one of the characteristics and peculiarities of the poetic products of (Rwanga) group, which was established at the beginning of seventies of the last century.

This study is about the theory of literary genres, restrictively, on the interference of Rwanga group poetry. It is composed of an introduction two main focal points. Each focal point consists in several aspects as following:

The first focal point is relevant to the theme of literary genres passing through methodologies and different literary theories reaching to the interference among genres. But, the second focal point is on the practical section of the study starting from the main title of the study. This is tackled in many angles of views including narrative construction in Rwanga poetry and the dramatic construction of it. Finally, the study displays the interaction and interference of both political and historical discourses including the presence of plastic arts in the end.

Several extracted results are shown in the study as well as a list of different adopted sources and two abstracts in the English and the Arabic languages/.




View publication stats